راگەیاندراوی دویماهی دووەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان
کۆمەلانی هەراوی خەلکی کوردستان!
کریکاران، زەحمەتکیشان!
دۆستان و لایەنگران، ئەندامانی حزب!
حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان، لە رۆژانی (14و2004/10/15) دا، دووەمین کۆنگرەی خۆی لە ژێرناوی کۆنگرەی (13 سوارەی بادینان) و لە ژێر دروشمی [ لە پێناو گێرانەوەی کەرکوک و ناوچە هەلپەسێردراوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و، لە پێناو سپاردنەوەی دەستەلات بە جەماوەر بۆ بریاردان لە مافی چارەی خۆنووسین و، لە پێناو تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان [ بەرێوەبرد.
سەرەتا خولەکێک راوەستانی بێدەنگ بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستان، بە تایبەتیش بۆ زیندوو راگرتنی یاد و بیرەوەریەکانی 13 سوارە شەهیدەکەی بادینان،راگەیەنرا. ئەوسا بە سروودی (خۆشم دەوێی ولاتەکەم) کۆری یەکەمی کۆنگرە کرایەوە، پاشان وتاری کرانەوە و بەرنامەی کۆنگرە لە لایەن ئەندامێکی دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەوە پێشکەش کرا. دواتر راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی، لەلایەنهەڤالْ ریکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزب خوێندرایەوە. لە راپۆرتەکەدا رەوشی باشوری کوردستان و عێراق و رۆژهەلاتی ناڤین و جیهان و گۆرانکاریەکانی 9 سالی رابردوو ئاماژەیان پێکراوە.هەروەها مەسەلەی تێکۆشان بۆ یەکخستنی پەلەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و کارکردن بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکوک و ئەو ناوچانەی کە دوای رووخانی رژێمی سەدام، رزگارکراون،خراوەتە بەر باس و لێکۆلینەوە و، داواکراوە کە تەواوی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان شێلگیرانە بۆ گەرانەوەی ئاوارەکان کار بکەن و، گوشاری خۆشیان بۆ سەر حکومەتی کاتی عێراق چر بکەنەوە، تا عەرەبە هاوردەکان بۆ ئەو شوێنانە بنێردرێنەوە کە لێیانەوە هاتوون، لەم پێوەندییەدا روونی کردۆتەوە کە بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی گەرانەوەی ئاواران و ناردنەوەی هاوردەکان، هەر سەرژمێر و هەلبژاردنێک بەرێوە بچێت سەرکەوتوو نابێت و ئاکامی خراپیشی لێدەکەوێتەوە.
راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی تەواوی کێشە و ئالۆزیەکانی هەشتا سالەی رابردووی عێراق بۆ ناهاوتایی و بوونی کێماسی لە پێکهاتەی گەلی عێراق و سەردەستەبوونی فەرمانرەوایانی رەگەزپەست دەگێرێتەوە و بۆ چارەسەرکردنیشیان پێشنیار دەکات کە نەتەوەکانی ناو عێراق، ئازاد و سەر پشک بکرێن تا سەربەستانە بریار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و شێوە ژیانی داهاتوویان هەلبژێرنەوە، چونکە بە درێژایی هەشتا سالی رابردوو هیچ یەک لە نەتەوەکانی ناو عێراق ئاسوودە و بەختەوەر نەژیاون،لەم سۆنگەیەوە جارێکی دیکەش جەختی لەسەر بەرێوەبردنی ریفراندۆمێکی ئازاد کردۆتەوە و پشتیوانی خۆیشی بۆ بزاڤی راپرسی لە کوردستان، دووپات کرۆتەوە.
راپۆرتەکە گرنگییەکی زۆری بە دۆزی کوردستان داوە و ئاماژەی بەو سەرکەوتن و پێشکەوتنانە کردووە کە لە 10 سالی رابردوودا لە بەشەکانی کوردستان، بە تایبەتیش لە باشوری کوردستاندا وەبەرهەم هاتوون و، روونی کردۆتەوە کە کێشەی رەوای گەلەکەمان لە بازنەی تەسکی هەرێمایەتی ترازاوە و بەرەو بە جیهانی بوون هەنگاوی هەلگرتۆتەوە و، دۆست و هاوسۆزی دەرەرەکی زۆرتری بۆ پەیدابووە.
هەروەها راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی جەختی لەسەر گرنگی رووداو و پێشهاتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و جیهان کردۆتەوە و هیوای خواستووە کە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بکاریٚ وردبینانە هاوکێشە سیاسیەکانی نێودەولەتی بخوێنێتەوە و رەفتاریان لەتەکدا بکات و بۆ بەرژەوەندی بالای گەل و نیشتیمان دەکاریان بهێنیٚ.

دوای تەواوبوونی خوێندنەوەی راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی، گفت وگۆیەکی تێروتەسەل لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە لەسەر راپۆرتەکە کرا و چەندین پەرەگراف ئالوگۆر کران، ئەوسا راپۆرتەکە خرایە دەنگدان و بە تێکرای دەنگی ئامادەبووان پەسند کرا.
دواتر چەندین لیژنە بۆ پرۆگرام و پەیرەوی نێوەخۆ و بریارو راسپاردەکان پێکهاتن. لە دووەمین رۆژی کۆنگرەدا لیژنەکان راپۆرتەکانی خۆیان پێشکەش کرد و ئەندامانیش وتووێژیان لەسەر کردن، دوایی دەنگیان پێدرا و پەسەند کران. ئەوسا چەندین بریار و راسپاردەی گرنگ و پێویست بۆ قۆناغی داهاتوو وەرگیران،بۆ بەجیٚ گەیاندنی ئەو بریار و راسپاردانەش کۆنگرە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی راسپارد تا

لێبڕاوانە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن. هەروەها کۆنگرە بڕیاری دا کە ســـروودی (خۆشم دەوێی وڵاتەکەم) وەک سرودی نیشتمانی کوردستان بناسێت و بۆنە و یادەکانی خۆی بەو سرووده بکاتەوه.
لە دواین کۆڕی کۆنگرەدا بە زۆرینەی دەنگ هەڤاڵ رێکار ئەحمەد بە سکرتێری گشتی حزب هەلبژێردرایەوە. ئەوسا دەرگەی خۆپاڵاوتن کرایەوە و لە هەڵبژاردنێکی راستەوخۆ و نهێنیدا 14هەڤاڵ بۆ سەرکردایەتی هەلبژێردران، کە بریتین لە:
1- هەڤاڵ عومەر جەســـەن.2- هەڤاڵ هۆشـــیار عەبدولرەحمان.3- هەڤاڵ کـــەژاڵ عەلی.4- هەڤاڵ ســـەرکەوت فەتاح جاف.5- هەڤاڵ ئەمیر حاجی محەمەد. 6- هەڤاڵ چالاک ژاڵەیی. 7- هەڤاڵ فەهمی سلێڤانەیی. 8- هەڤاڵ یەعقوب محەمەد. 9- هەڤاڵ نـــەوزاد حوســـێن. 10- هەڤاڵ هاوکـــار محەمەد.11- هەڤـــاڵ جـــەوهـــەر عەلی. 12- هەڤـــاڵ ئەنـــوەر شـــــــەریف. 13- هەڤاڵ کۆســـــــار محەمەد حوســـێن.14- هەڤاڵ شـــــیلێن عەبدوڵلا.
کۆنگرەی 13 سوارەی بادینان لە رەوشێکی ئازاد و دیموکراسی لە ماوەی دوو رۆژدا کارەکانی خۆی کۆتایی پێهینا. ئەوسا لەیەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا 4 کەس بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران و بەرپرسیارێتی کۆمیتە پارێزگاکان و دەزگاکانیش دابەشکرانەوە.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستان..
سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیاردا..

حزبی رزگاریی کوردســـــــــــــتان